LEEDS
CITY COUNCIL

# گرێبەستی کرێنشینی

ئەمە گرێبەستێکی قانوونیە

ئەدرێسی ئەو خانووبەرەیەی کە گرێبەستەکەی لەسەرە

| |
|---|
| |

ناوی کرێچێکە/کرێنشینەکان ژمارەی بیمەی نیشتمانی

| | | |
|---|---|---|
| 1 | | |
| 2 | | |

1.1.1 ئەم کرێنشینی هەفتانە لە ........................................................ دەستپێ دەکات

ئەمە کرێنشینی دەستپێکە تا ..................................... کە تۆ دەبیت بە کرێنشینەکی سەلامەت (Secure Tenant) گەر بڕیانمان دا کرێنشینەتیەکەت دەکرێ بەردەوام بێ

| | |
|---|---|
| کرێخانوو بەتەنیا: | £ |
| گەرمکەری نێوەندی (سێنتراڵ هیتینگ) | £ |
| خەرجی تر (دیاری بکە) | £ |
| پارەی هەفتانە کە دەدرێ (پتر لە 48 هەفتە لە ساڵێکدا) | £ |

(نەیبەرهود هاوسین ئۆفس (Neighbourhood Housing Office) دەتوانێ دەربارەی کۆمەکی خانووبەرە زانیاریت بداتێ تا یارمەتی بدرێی لە کرێی خانووەکەتدا)

| |
|---|
| گەر هەر شتێک تێناگەیت لە کارمەندی خانووبەرەکەت (هاوسین ئۆفیسەر) بپرسە. بیرۆی ڕێنوومایی هاوڵاتیان یان نێوەندی قانوون (Law Centre) یارمەتیت دەدەن. ئەو کرێنشینانەی بەشداری دەکەن دەبێ بەتایبەت سەرنج لە بەشی 2.3 و 2.54 بدەن. |

گشت کرێنشینەک و ترەستی هەر کرێنشینەک کە لە ژێری 18 ساڵانەوەیە دەبێ پاش خوێندنەوەی گرێبەستەکە لەخوارەوە ئیمزا بکەن.

| |
|---|
| وریاکردنەوە<br>تۆ ئەم کرێنشینەت پێدراوە لەئاکامی ئەو زانیاریەی کە لە داواکاری خانووبەرەکەتدا دراوە. گەر ئەو زانیاریانە ڕاست نین یان گۆڕاون بەبێ ئەوەی کە تۆ بە ئێمە بڵێی، دادگا ڕەنگە بڕیاری لێسەندنەوە و دەرکردنت بدات.<br>گەر تا ئێستا پێت نەدراوە ،دەبێ داوای وێنەیەک لە ئاگادارینامەی "بەخێربێن بۆ کرێنشینی دەستپێک" بکەیت.<br>پێویستە مەرجەکانی ئەم گرێبەستە بخوێنیتەوە بەر لە ئیمزاکردنی و پرس لەسەر هەر لایەنێک بکەیت کە تێی ناگەیت. |

| | |
|---|---|
| 1 | |
| 2 | |

لە بری کرێنشین لەلایەن ئیمزاکراوە (ناوەکە بنووسە) ..................................................................

(ئەدرێس) ...................................................................................................................

ڕێکەوت ..................................................................................................................

کارمەندی خانووبەرە ........................................... نەیبەرین هاوسین ئۆفس ..................................

ژمارەی ئاماژەی کرێنشین.......................... ڕێکەوت ..........................................................................

## 2 دەربارەی کرێبەستی کرێنشینی

1.1 **ئەم گرێبەستە دەتکات بە کرێنشین کەنسڵی شاری لیدز**

1.2 **1.1 دوو جۆر لە کرێنشینی کەنسڵ هەیە**

1.2ئەوانیش:

- کرێنشینی **دەستپێک** (introductory tenancy)
- کرێنشینی **سەلامەت** (**secure** tenancy)

1.3 وەک کرێنشینەکی دەستپێک تۆ **مافی قانوونیت کەمترە** لە کرێنشینەکی سەلامەت.

1.4 گەر تۆ کرێنشینی دەستپێکی ئەو بەشەی کە لە پێشەوەی ئەم گرێبەستەدایە پڕدەکرێتەوە، ڕێکەوتی کۆتایی ئەم کرێنشینی دەستپێک نیشان دەدات ئەگەر پێشلکاری گرێبەستەکە نەکرا.

1.5 گەر تۆ لە خانووبەرەیەکی ترەوە دەگوێزرێتەوە بۆ خانووبەرەی کەنسلی شاری لیدز وەک کرێنشینەکی پارێزراو یان گەر تۆ وەک کرێنشینەکی دڵنیاکراو لە خاوەنماڵێکی تۆمارکراوەوە، وەک کۆمەڵەی خانووبەرەوە دەگوێزرێیتەوە، کرێنشینەتیەکەت ڕاستەوخۆ پارێزراو دەبێ. تۆ پێویست ناکات بە کرێنشینی دەسپێکدا تێپەڕبیت.

1.6 کرێنشینی دەسپێک بۆ **دەمێکی تاقیکردنەوەیە.** تۆ دەبێ پیشانمانی بدەیت کە هێندە کەسێکی بەرپرسیاریت دەتوانیت خانووبەرەکە ڕابگریت. بۆ ئەمەش تۆ دەبێ:

- **دژە-کۆمەڵایەتیانە ڕەفتار نەکەیت، زیانبەخش نەبیت و خەڵکی هەراسان نەکەیت؛ و**
- **کرێکەت لەکاتی خۆیدا بدەیت؛**
- **بایەخ بە خانووبەرەکە بدەیت.**

1.7 وەک کرێنشینەکی دەستپێک زۆر خێراتر و هاسانتر دەردەکرێیت تا کرێنشینەکی پارێزراو.

**ئەگەرتۆ بەندەکانی کرێنشینی دەسپێکت جێبەجێ نەکرد، ئەوا کەنسڵ مافی ئەوەی هەیە کە کرێنشینی دەستپێک بۆماوەی شەش مانگ درێژبکاتەوە. پێش ئەوەی کەنسڵ ئەم بڕیارەبدات، پێویستە کەنسڵ مەبەستی خۆیت پێ بڵێت و مافی ئەوەت پێبدات کە تۆ دەتوانیت داوای پیاچونەوەی بڕیاری درێژکردنەوەی کرێنشینی دەستپێک بکەیت.**

**کەنسڵ هەروەها دەتوانێت داوا لە دادگا بکات بڕیاری چۆڵکردن دەربکات.**

**کەنسڵەکە دەبێ پێت ڕابگەیەنێ کە بۆچی دەرتدەکات و مافی ئەوەت پێبدات کە داوای چاوپێداخشاندنەوە بە بڕیارەکەدا بکرێ. بەڵام ئێمە پێویست ناکات لە دادگادا بیسەلمێنین کە گونجاوە دەرتبکەین.**

**ئەگەر ئێمە هیچ بڕیارێکمان نەدا کە ببێتە هۆی درێژکرنەوەی کرێنشینی دەستپێک یان وەرگرتنەوەی خانووەکە لە تۆ، ئەوا تۆ ئۆتۆماتیکی دەبیت بە کرێنشینی پارێزراو لەو ڕێکەوتەدا کە لە پێشی گرێبەستەکەدا دیاریکراوە.**

1.8 گەر بوویت بە **کرێنشینی پارێزراو** تۆ دەبێت هەر بە بەرپرسیاری ڕەفتار بکەیت و ڕێساکانی ئەم گرێبەستە ڕابگریت – بەڵام گەر ئێمە ویستمان خانووەکە وەربگرینەوە، تۆ مافی خۆتە کە کەکەیسەکە ببەیتە دادگا. کەنسڵەکە مافی ئەوەی هەیە کە کرێنشینی پارێزراو بگۆڕێت بۆ کرێنشینی پلەیەکی نزمتر (دیمۆت) کە مافەکانی کەمترن. دادوەر بڕیار دەدات کە ئایا ئێمە دەتوانین خانووەکەت پێچۆڵ بکەین یان گرێبەستەکە بگۆڕین بۆ پلەیەک نزمتر (دیمۆت). پێویستە ئێمە نیشانی بدەین کە هۆکارێکی گونجاو هەیە بۆ دەرکردنی تۆ یان گۆڕینی گرێبەستەکە بۆ پلەیەکی نزمتر. ئەمە پێی دەگوترێ "زەمینەکان – grounds" و بە یاسا دیاری کراون. بەر لە چوونە دادگا، ئێمە دەبێ "ئارەزوونامەی دەستبەسەراگرتنەوەت"a Notice Of Intention to Seek Possession"یان "ئارەزوونامەی گۆڕینی گرێبەستەکە بۆ پلەیەکی خوارتر a Notice of Intention to Demote بۆ بنێرین لەگەڵ دیاریکردنی ئەو "زەمینەیەی" بەکارهێنراوە.

1.9 لە قۆناغی دەستپێکدا، تۆ هەندێک لەو مافانەت نیە کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە. تۆ ئەم مافانەت پێ دەبەخشرێ گەر بوویتە کرێنشین پارێزراو. مافێک کە تەنیا بۆ کرێنشین پارێزراوە بەم جۆرە نیشانە کراوە:

**کرێنشین دەستپێک**
**ئێوە ئەم مافەتان نیە**
**ئەم مافەتان کاتێک دەبێ کە بوون بە کرێنشین پارێزراو.**

1.10 **تۆ بەرپرسێتی** پترت هەیە لە کاتی کرێنشینی دەستپێکدا. ئەم بەرپرسێتیانەت نامێنێ کە بوویتە کرێنشین پارێزراو.
ئەمانە بەم جۆرە نیشانە کراون:
تەنیا کرێنشین دەستپێک
ئەمە ناتگرێتەوە کە بوویت بە کرێنشین پارێزراو.

1.11 بۆ کرێنشینی ژێر 18 ساڵان، مەرجە کە کەسێکی بەرپرسیار ئەم گرێبەستە لە بریان ئیمزا بکات وەک بروادارێک (ترەستی). هەر داخوازیەکی قانوونی یان داوایەکی کرێی کە لەم گرێبەستەدا هاتبێ دەکرێ ڕووبەڕووی باوڕدارەکە بکرێتەوە تا کرێنشینەکە دەبێ بە 18 ساڵان.

1.12 **دڵنیا بە تۆ ئاگادارینامەی "بەخێربێن بۆ کرێنشینی دەستپێک" خوێندوەتەوەی تێی گەیشتوویت. ئەو پرۆسیجەرەت پێ دەناسێنی کە ئێمە پێڕەوی دەکەین گەر بمانەوێ دەرت بکەین. داوا لە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیس بکە بۆ وێنەیەکی.**

1.13 هەندیک ماف و بەرپرسیارێتی کەنسڵەکە لەژێر ئەم گرێبەستەدا ڕەنگە لەلایەن ئەیجەنسیەکی ترەوە، لەبری کەنسڵەکە، پیادەبکرێ و دابین بکرێ. ئەو ئەیجەنیسیانە دەکرێ ئەم گرێبەستە بەرجەستە بکەن لەبری کەنسڵەکە، لەوانەش بەدەستخستنەوەی کرێخانووی دواخراو.

## 2. بەرپرسیاری کرێنشین

### 2A کرێخانووەکەت

2.1 **تۆ پێویستە** کرێخانوو و هەموو خەرجیەکانی تری خانووبەرەکە بدەیت. دەبێ لە کاتی خۆیاندا بدرێن.
کرێکەت دەبێ دووشەممان بدرێ، بەڵام گەر دەخوازی دەتوانیت لەبەرەوە دوو هەفتانە یان مانگانە ڕادەستی بکەیت.
خۆت بڕیار دەدەیت چۆن پارەکە بدەیت، بەڵام پێویستە لەسەر تۆ کە پارەکانت دابێ لە کۆتایی هەموو هەفتیەکدا.
ئەگەر پێتوابوو شیاویت بۆئەوەی داوای هاوسین بەنەفێت (بەخشینی کرێخانووەکەت لەلایەن دەوڵەتەوە) بکەیت، ئەوا خۆت بەرپرسیاریت لەوەی کە داوای هاوسین بەنەفێت بکەیت. بۆ ئەم مەبەستە،پێویستە هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێویستن بۆ داواکاریەکەت ئامادە بکەیت.
تکایە داوا لە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیس (فەرمانگەی خانووبەرەی دراوسێکان) بکە بۆ زانینی ئەو ڕێگا جودایانەی کە کرێ یان خەرجیەکانی تر دەکرێ بدرێن، وەک داریکت دێبت (کارتی بانک) یان ستاندین ئۆردەر، سەرباری کاش. لە هەندێک ناوچەدا دەتوانیت لە پۆست ئۆفیسیش خەرجیەکان بدەی.
ئێمە حسابی کرێی ساڵێک (52 هەفتە) دەکەین و دابەشی دەکەین بەسەر 48دا. گەر تۆ کرێکەت لەکاتی خۆیدا دا، ئێمە هەموو ساڵێک داوای کرێی 48 لە 52 هەفتەت لێدەکەین. واتە هەندێک هەفتە هەن کە تۆ پێویست ناکات کرێ بدەیت. ئێمە پێت دەڵێین ئەم هەفتانە کامانەن.
گەر حسابەکەت لە دواوە بوو، ئێمە داوات لێدەکەین کە ئەو هەفتانەش بدەیت لەگەڵ ئەوانەی کە دوات خستوون.
ئەگە هەر پارەیەک لەلایەن خاوەنماڵەکەوە درا بە تۆ، بۆ نموونە وەک قەرەبووکردنەوەیەک بۆ ئەو زیانانەی لە خانووەکە کەوتوون، بۆدیکۆری ماڵەکە،یان لەدەستدانی خانووەکە، ئەوا کەنسڵەکە مافی ئەوەی هەیە کە ئەو پارەیە بخاتە بری کرێ ئەگەرتۆ قەرزاری کرێ بوویت.

2.2 گەر تۆ کرێکەت نەدەیت، یان بەردەوام دوای بخەیت، کەنسڵەکە دەتوانێ بچێ بۆ دادگا بۆ ئەوەی ڕێی

قانوونی بگریَ بۆ دەرکردنت لە خانووبەرەکەدا. کەنسڵەکە دەتوانی داوای بڕیاردانی دادگا (کاونتی کۆرت) بکات. دەستخستنەوەی کرێکەش لەرێی دادگاوە دەسەپێنیَ. گەر گرفتت لەکرێداندا هەیە، دەستبەجیَ پەیوەندی بە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیسەوە بکە.
ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە خەرجی نامەنووسین و سەردان لە تۆ بسەنینەوە بەهۆی دواخستنی کرێکەتەوە. هیچ خەرجیەک بۆ نامەی یەکەم حساب ناکریَ، بەڵام زانیاری دەربارەی خەرجیەکان لە نامەیەکدا دادەڕێژریَ گەر کرێکەت بە دواخراوی هێڵرایەوە. هەر خەرجیەک حسابکرا دەخرێتە سەر حسابی کریَ دواخراوەکەت. ئێمە هاوکاری لەگەڵ کرێنشینەکان و گرووپی کرێنشینەکان دەکەین بەر لەوەی خەرجی داوابکەین و 6 هەفتەت دەدەینیَ بەر لەوەی خەرجیەکە حساب بکەین. وێنەیەکی بڕی خەرجیەکەشت بۆ دەنێرین.

2.3 گەر ئێوە چەند **کرێنشینەکن بەیەکەوە**، ئەوا هەر یەکەتان بەرپرسن بەرانبەر **هەموو** کریَ و خەرجیەکانی تر و کریَ دواخراوەکەش. کەنسڵەکە دەتوانیَ هەموو کریَ، خەرجیەکانی تر و کرێی دواخراوی دەستبکەوێتەوە لە هەریەک لە کرێنشینە قەرزدارەکان. کەنسڵەکە مافی ئەوەی هەیە کە یەکێک لە کرێنشینەکان هەڵبژێریَ بۆ سەندنەوەی هەموو قەرزەکە.

2.4 کرێکە ڕەنگە ناوبەناو زیاد یان کەم بکریَ – ئاسایی لە ئەیپلدا. تۆ بە نامە بەر لە چوار هەفتە هەموو گۆڕانکاریەک پیَ ڕادەگەیەنریَ.

2.5 هەندێک کرێنشین پارەی ئەو خزمەتگوزاریانەش دەدەن کە لەگەڵ کرێنشینیدا دابین دەکرێن بە یەک خەرجی زیاتر لە کرێکەیان. ئەمەت پیَ ڕادەگەیەنریَ گەر لەم کرێنشینانە بێت. گەر تۆ کرێنشینیەکەت لەم جۆرەیە، ئەوا دابەشکردنی خەرجیەکان لە لاپەڕە یەکی ئەم گرێبەستەدا نیشاندراوە. ڕەنگە مەرجی تریش لە کرێنشینی تۆدا هەبن. ئەمانە بە پشتی ئەم گرێبەستەوە نراون. بۆ نموونە گەر تۆ خانووبەرەی دامەزراوت درابێتیَ یان لە پلانی گەرمکردنەوەدا (heat lease scheme) بێت.
ئێمە بە نامە بەر لە چوار هەفتە هەموو گۆڕانکاریەکت پیَ ڕادەگەیەنین.

2.6 ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە خزمەتگوزاری تر دابین بکەین کە تۆ، وەک بەشێک لە کرێکەت، دەبیَ پارەکەی بدەیت. ئێمە بە نامە بەر لە چوار هەفتە بەر لە دابیکردنیان پێت ڕادەگەیەنین. کرێنشینەکان پرسیان پێدەکریَ بەر لە دابینکردنی هەر خزمەتگوزاریەک.

## 2B چوونەناو خانووبەرەوە

2.7 **تۆ پێویستە ڕیَ بە کەنسڵەکە بدەیت بۆ هاتنە ناو خانووبەرەکەت کە کاتێکی گونجاوت** (ئاسایی 24 کاتژمێر) **بە نامە بۆ پێدرابیَ**، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

1) بۆ چاککردنەوە و کاری پێویستی تر یان بەسەرکردنەوەی سەلامەتی خانووبەرەکە جا با کەنسڵەکە بەرپرس نەبیَ، یان وابزانیَ، بەرپرسە بەرانبەر ئەم کارانە، یان

2) بۆ چاککردنەوە و کاری پێویستی تر یان بەسەرکردنەوەی سەلامەتی جیَ گشتیەکانی خانووبەرەکە (وەک پێپلیکانەکان، ئەسانسۆرەکان، ڕێچکەکان، کۆریدۆرەکان، جێی وشککردنەوەکان، جێی هاتووچووەکان، باخچە گشیەکان و جێی پارکی ئۆتۆمۆبیلەکان) یان خانووبەرە دراوسێکان کە موڵکی کەنسڵە.

3) بۆ بەسەرکردنەوەی ساڵانەی سەلامەتی گاز، یان

4) بۆ  پشکنینی باری خانووبەرەکە، یان

5) بۆ ئەوەی کە کرێنشین داهاتوو چاوی بە خانووبەرەکە بکەویَ لە دوا 28 ڕۆژی کرێنشینیتدا، وەک ئەوەی کە لە نامەی کۆتایی گرێبەستەکەتدا هاتووە یان 28 ڕۆژ یەکسەر بەر لە کۆتایهاتنی نامەی کۆتایهێنان بۆ دەستبەسەراگرتنی خانووەکە، یان

6) بۆ دامەزراندن، دانان، پشکنین، چاککردنەوە، وایەرکردنەوە، هێشتنەوە و لابردنی بۆری، وایەر یان کەیبڵ. ڕیَ بۆ ئەم مەبەستانە دەبیَ بە کارمەندە قانوونیەکانیش بدریَ (وەک بریتش گاز، ترانسکۆ و یۆرک وەتەر).

لە **ناکاودا** وەک لێچوونی گاز، ئاو یان زێراب یان کە بیناکە یان کارەبا سەلامەت نین **تۆ ڕازیت** کە

کەنسڵەکە بێتە خانووبەرەکەوە بەبێ ئەوەی نامەت بۆ بنێرێ و تۆ لەوێ بیت یان لەوێ نەبیت بۆ ئەوەی خانووبەرەکە بپشکنن و ئەوەی پێویستە و پەیوەستە بە ناکاوەوە چاکی بکەنەوە.

گەر ڕێ بە ئێمە نەدەیت بێینە خانووبەرەکەوە تۆ ڕەنگە ژیانی خۆت و دراوسێکانت بخەیتە مەترسیەوە. ئێمە دەتوانین ڕێی قانوونی بگرین بۆ هاتنەژوورەوەی خانووبەرەکە و تۆش ڕەنگە پێویست بکات خەرجی زەرەرەکە بدەیت، یان ڕەنگە بدرێیت بە دادگا بۆ ڕێپێنەدان.

هەرگیز ڕێ بە کەس مەدە بەبێ ئەوەی کە ناسنامەی ڕەسمی ببینیت. (گەر بەگومانیت پەیوەندی بکە بە نەیبەرهود هاوسین ئیفسەوە لە کاتی ئۆفیسدا یان ژمارەی ناکاو لە کاتەکانی تردا – ئەمانە لەسەر کارتی کرێکەتن.)

## 2C بەکارهێنانی خانووبەرەکە

**تەنیا بۆ کرێنشین دەستپێک**
**ئەمە بۆ تۆ نیە گەر بووی بە کرێنشین پارێزراو**

2.8 کە یەکەم جار دەگوێزیتەوە (بۆ خانووبەرەی کاتی یان هەمیشەیی) گەر کەسێک خواستی لەگەڵتدا بمێنێتەوە تۆ دەبێ گفتی کەنسڵەکە بە نووسین وەربگریت. ئەمە منداڵ، خزم، دۆست و میوانیش دەگرێتەوە. ئێمە ڕێ لە کەس ناگرین مەگەر هۆکارێکی زۆر بەهێزمان بەدەستەوە بێ (وەک ئەوەی کە کەسێک ببێتە هۆی قەرەباڵغی لە خانووبەرەکەدا.)

2.9 **تۆ پێویستە** خانووبەرەکە وەک خانووی سەرەکیت بەکاربهێنی. گەر تۆ خانووبەرەکە وەک ماڵی سەرەکیت بەکارنەهێنی، ئێمە هەڵویست بەرانبەرت وەردەگرین.

2.10 **تۆ پێویستە** بە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیس بڵێیت بە نووسین کە تۆ لە ماڵەکەت بۆ 28 ڕۆژ دووردەکەویتەوە. (ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئێمە بزانین کە تۆ ماڵەکەت جێ نەهێشتووە.)

**تۆ قایلیت** کە کەنسڵەکە دەچێتە خانووبەرەکەوە (جا با 28 ڕۆژیش نەبێ کە تۆ ماڵەکەتت جێ هێشتبێ). هەرکە ئاسایی دەربکەوێ کە تۆ خانووبەرەکەت جێ هێشتووە ئێمە مافمانە بچینە ماڵەکەتەوە.

**تۆ هەروەها قایلیت** بەوەی کە دوابەدوای پشکنینەکە، گەر هێشتا وا دەرکەوت کە تۆ خانووبەرەکەت جێ هێشتووە، کەنسڵەکە ڕەنگە قفڵەکە بگۆڕێ؛ هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ پارستنی خانووبەرەکە بنێ؛ هەموو کەلوپەلەکانیشت کە لە خانووبەرەکەدا جێماوە فڕێ بدات بە پێی قانوونی 1977 (دەستوەردانی کەلوپەل).

**تۆ هەروەها قایلیت** بەوەی کە کەنسڵەکە خەرجی گۆڕینی قفڵەکە، سەلامەتکردنی خانووبەرەکە و لەناوبردنی ئەو کەلوپەلەی کە لە خانووبەرەکەدا دەدۆزرێتەوە لێ دەسەنێتەوە.

**تۆ هەروەها قایلیت** بەوەی کە تۆ بەرپرسیت بەرانبەر هەر زەرەرێک کە لە کەسانی تر دەکەوێ لە ئەنجامی لەناوچوونی کەلوپەلیان کە کەنسڵەکە لەناوی بردووە، دوابەدوای ئەوەی کە تۆ خانووبەرەکەت جێ هێشتووە.

2.11 **تۆ نابێ** دەستکاری گاز و سەرچاوەی کارەبا و پێوەرەکانیان بکەیت.

2.12 **تۆ نابێ** ڕێ بدەیت کە خانووبەرەکە قەرەباڵغ ببێ. گەر لەمە دڵنیا نیت، پرس بە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیس بکە بۆ ڕێنوومایی.

2.13 **تۆ نابێ** مۆپ و ماتۆڕ لەناو خانووبەرەکەدا یان لەناو جێ گشتیەکاندا (وەک پێپلیکانەکان، ئەسانسۆرەکان، ڕێچکەکان، کۆریدۆرەکان، جێی وشککردنەوەکان، جێی هاتووچووەکان، باخچە گشیەکان و جێی پارکی ئۆتۆمۆبیلەکان) جێبهێڵی. خۆ گەر تۆ دەخوازی هۆکاری هاتووچۆ وەک سکوتەر یان کورسی کەمئەندام ڕابگریت، پێویستە بەنووسین ڕێت پێ بدرێ. ئەمە ئاسایی ڕێی پێ دەدرێ.

2.14 **تۆ یان کەسێک لەگەڵ تۆدا دەژی یان سەر لە خانووبەرەکە** دەدات نابێ بازرگانی لە خانووبەرەکەوە بکات بەبێ بوونی ڕێپێدانی کەنسڵەکە بەنووسین. ئێمە ئاسایی ڕەفزی ناکەین، مەگەر بازرگانیەکە زەیانبەخش بێ، خەڵکی سەغڵەت بکات یان زەرەر بە خانووبەرەکە بگەیەنێ.

2.15 **تۆ قایلیت** کە خەرجی یان زەرەرێک کە لە کەنسڵەکە بکەوێ، لەئاکامی شکاندنی یان پێڕەونەکردنی هەر بەشێکی ئەم گرێبەستەدا، بە کەنسڵەکە دەدرێ لەگەڵ گەیشتنی ئینڤۆیسدا لە کەنسڵەکەوە. تۆ هەروەها قایلیت بەوەی کە کەنسڵی شارەکە دەتوانێ هەر پارەیەک کەنسڵەکە قەرزاری کرێچێکەیە، لە هەموو کاتێکدا، بەکاری بهێنتی بۆ ژماردنی ئەو زەرەرانەی کە تۆ داوتن لەم بەشە لە گرێبەستەکەدا. ئەوانەی کە کەنسڵەکە دەیانخوازێ

ئەمانەن:

- راستکردنەوەی هەر کارێک لە خانووبەرەکەدا کە تۆ دەستت پێکردووە بەبێ ڕێپێدانێکی نووسراو لەلایەن کەنسڵەکەوە.
- راستکردنەوەی هەر زەرەرێک کە تۆ داوتە لەئاکامی پشتگوێخستنی تۆ لە ئەرکی چاککردنەدا یان پشتگوێخستنی تۆ بۆ لە ڕاگرتنی ئامێرەکانتدا.
- گۆڕینی قفڵەکە و یان هۆکارەکانی سەلامەتکردنی خانووبەرەکە گەر تۆ خانووبەرەکەت جێهێشتبێ
- پێشێلکردنی چاککردنەوەی ناکاو بۆ چاککردنەوەی نا–ناکاو
- جێگرتنەوەی کلیلی گوومبوو یان شکاو

## 2D بەرپرسیاری کۆمەڵگاکە

2.16 **تۆ بەرپرسیاریت** بەرانبەر ڕەفتاری هەموو کەسێک (بە منداڵانیشەوە) کە دەژین یان میوانن لە خانووبەرەکەدا. تۆ بەرپرسی لە خانووبەرەکە، لە دەوروبەرەکەی، لە بەشە گشتیەکانی (وەک پێپلیکانەکان، ئەسانسۆرەکان، ڕێچکەکان، کۆریدۆرەکان، جێی وشککردنەوەکان، جێی هاتووچووەکان، باخچە گشیەکان و جێی پارکی ئۆتۆمۆبیلەکان) و لە ناوچەکانی دەوروبەری خانووبەرەکە.هەروەها شوێنی بازارکردن،شوێنی وەستانی پاس و شوێنەگشتیەکانی تر.

2.16a بۆ مەبەستی پاراستنی کرێنشینیەکە، تۆ پێویستە هاوکاری هەموو ئەو کەسانە بکەیت کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن.

2.17 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** بە هیچ جۆرێکی دژە–کۆمەڵایەتی ڕەفتار بکەن، یان بە جۆرێک ڕەفتار بکەن کە زەرەرمەند بن بە کەسانی تر. بێزارکردن ئەم ڕەوتارانە دەگرێتەوە: ڕەفتاری ئازاردان، سووکایەتیکردن، سەغڵەتکردن، ناتەبایی یان دەستتێوەردان لەخۆدەگرێ بەرانبەر بە بەختیاری کەسانی تر. نموونەی زەرەرمەندی، ئەمانەش لەخۆدەگرێ:

- زەرەرمەندی بەهۆی دەنگی بەرزەوە، وەک دەنگی میوزیکی بەرز؛ دەنگی تەلەفزیۆنی بەرز، دەمەقاڵێ و دەرگا پێکدادان،ئەلەرمی (زەنگی) ئاگادارکرنەوە، کاری دی ئای وای (نۆژنکردنەوەی ناوماڵ لەلایەن خۆتەوە).
- سەگوەڕ و پیسکردنەوە؛ ڕێگەدان بە سەگەکەت کە خەڵک بێزار بکات و زەرەرمەند بێت بەخەڵکانی دەورووبەر.
- کهول خواردنەی بێمانا؛
- فرۆشتنی دەرمانی بێهۆشکار (هۆشبەر) و پێشێلکردنی دەرمانی بێهۆشکار؛ هەروەها بەجێهێشتنی پاشەرۆی دەرمانی بێهۆشکار و دەرزی لەشوێنی نەشیاودا.
- بەکارهێنانی خانووەکە بۆ مەبەستی کاری نایاسایی.
- پاشەڕۆ فڕێدان؛
- ئۆتۆمۆبیل چاککردنەوەی بێمانا؛ دەنگەدەنگ و زیادبوونی پارچەکانی ئۆتۆمۆبیلەکەت بەهۆی ئۆتۆمۆبیل چاککردنەوە.
- سکراپ ئەمبارکردن؛
- لەسەر شەقام یان نزیک کەوتنەوە لە ماڵی کەسێکی ترەوە بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی بێزارکردن و زەرەرمەندی خەڵکی تر.
- ئەم لیستەو ڕەفتاری تریش.

2.18 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** کەسێکی تر هەراسان بکا. نموونەی هەراسانکردن ئەمانەش لەخۆدەگرێ:

- ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە یان زمان و ڕەفتاری هەڕەشەئامێز.
- بەکارهێنان یان هەڕەشەی بەکارهێنانی زەبر؛
- زیانبەخشی یان هەڕەشەی زیانبەخشین بە ماڵی کەسێکی تر یان موڵکوماڵی؛

- نووسینی هەڕەشە، جوێن یان سووکایەتیکردن لە دیوار؛
- بەشداربوون لە ئاژاوەنانەوە؛
- هەرکارێک کە دەستوەر بدات لە هێمنی، ئاسایش یان بەختیاری کەسانی تر.

2.19 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** سکاڵای درۆ یان بەمەترسی دەربارەی ڕەفتاری کەسانی تر بکەن.

2.20 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** خانووبەرەکە یان جێ گشتیەکانی (وەک پێپلیکانەکان، ئەسانسۆرەکان، ڕێچکەکان، کۆریدۆرەکان، جێی وشککردنەوەکان، جێی هاتووچووەکان، باخچە گشیەکان و جێی پارکی ئۆتۆمۆبیلەکان) بۆ چالاکی ناقانوونی وەک بێهۆشکار فرۆشتن، ماڵبڕین یان دزی لە خانووبەرەکان یان ئۆتۆمبێلەکان و موڵکوماڵان بەکار بهێنن.

2.21 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** زەرەر بگەیەنن یان ڕووەکانی خانووبەرەکە تێک بدەن یان لە دیوارەکان بنووسن. تۆ **دەبێ** خەرجی هەموو چاککردنەوەیک و جێگرتنەوەیەک بدەیت.

2.22 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** دەستبخەنە سەلامەتی و قایمی ئامێرەکانی ناو فلاتە چەند–نهۆمیەکەن، بلۆکە گشتیەکانی فلاتەکان یان مەیزنێت یان چەتری پێکهاتەی خانووبەرەکە. تۆ نابێ دەرکی هاوبەشی دەرەوە جام بکەی یان بە کراوەیی بەجێی بهێڵی و بێگانە نابێ ڕێیان پێبدرێ بێنە ژوورەوە بەبێ ناسنامە. تۆ دەبێ هاوکاری ستافی ئاسایش بکەیت.

2.23 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** هیچ یەکێک لە قانوونەکانی کەنسڵەکە (بایلۆ) بشکێنن. تۆ دەتوانی قانوونەکانی کەنسڵەکە لە کتێبخانەی گشتی بخوێنیتەوە.

2.24 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** لە ماڵەوە زەبروبەنگ دژی یان هەڕەشەی زەبروزەنگ دژی هیچ کەسێکی تر بنوێنێ (لەگەڵ تۆدا بژی یان لە جێیەکی تر) . **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** کەسێکی تر کە لە خانووەکەدا دەژی هەراسان بکات یان لەڕووی سیکۆلۆجی، سۆز، ڕەگەزەوە یان سێکسیەوە سەکوت بکات، بەجۆرێک وای لێبکات کە خانووبەرەکە بەجێبهێڵێ.

**کەنسڵەکە دەتوانێ بڕیار بدات لەسەر توندوتۆژی ناوماڵ، تەنانەت ئەگەر کەیسەکەش نەچووە دادگا.**

2.25 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** هیچ گیاندارێک لە خانووبەرەکەدا یان لە نزیکیەوە ڕابگرێ، تەنیا مەگەر ئەو گیاندارە ڕێپێدراو بێ لەلایەن کەنسڵەکەوە بەپێی بەرنامەی ڕێپێدانی ڕاگرتنی گیانداری کەنسڵەکە. پێویستە لەسەر تۆ گیانداری نایاسایی ڕانەگریت بەهیچ شێوەیەک.
ئەگەر کەنسڵ ڕێپێپێدایت گیاندار ڕابگریت، **نابێ** بهێڵی کە کەسانی تر سەغڵەت بکا یان بترسێنێ.

**تکایە داوا لە نایبەرهودهاوسین ئۆفیس (فرمانگەی خانووبەرەی دراوسێکان) بکە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بەرنامەیە.**

2.26 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **دەبێ** هاریکاری لەگەڵ کەنسڵەکە و دراوسێکاندا بکەن بۆ ئەوەی هەموو جێ گشتیەکان (وەک پێپلیکانەکان، ئەسانسۆرەکان، ڕێچکەکان، کۆریدۆرەکان، جێی وشککردنەوەکان، جێی هاتووچووەکان، باخچە گشیەکان و جێی پارکی ئۆتۆمۆبیلەکان) بە پاکژی، ڕێکوپێکی و بێرێگر بمێنێتەوە.

2.27 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** هیچ شتێک لە فلاتەکانی بینا فرەنهۆمیەکانەوە فڕێ بدەن یان بخەنە خوارەوە.

2.28 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** پارکین لە هیچ جێیەکدا بکەن جگە لەو جێیانە نەبێ کە بۆ پارککردن دیاریکراون (جێی ئۆتۆمبیلەکان یان ئەو ڕووبەرانەی کە داپۆشراون.)

پێش ئەوەی ڕووبەرێک دیاری بکەیت، پێویستە داوای مۆڵەت لە کەنسڵەکەت بکەیت. ئێمە داواکەت ڕەتناکەینەوە ئەگەر هۆکارێکی گونجاو هەبوو بۆ داواکەت. بەبێ نوسراوی فەرمی کەنسڵەکە، کەرەڤان یان مۆتەر هۆم نابێ لە باخەکاندا، جێی ئۆتۆمۆبیلەکان، ڕووبەرە داپۆشراوەکانی نزیک ماڵەکەت یان لە هیچ جێیەکی گشتیدا پارک بکرێن.
ئێمە داواکەت ڕەتناکەینەوە ئەگەر هۆکارێکی شیاو هەبوو بۆ داواکەت.

**تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** لە جێیەکدا پارک بکات کە ڕێی خزمەتگوزاریە ناکاوەکان بگرێ.

2.29 گەر خانووبەرەکە جێی تەرخانکراوی هەیە بۆ پارککردن، ئەوا تۆ و میوانەکانت دەتوانن لەوێدا پارک بکەن. تۆ نابێ جێی پارکەکەت بە کرێ بدەیت یان بیفرۆشی بە کەسێکی تر.

2.30 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** ئۆتۆمۆبیل چاک بکەیتەوە بە جۆرێک کە زیانبەخش بێ بە دراوسێکانت یان ئۆتۆمۆبیلێکی ناقانوونی یان بێبەها پارک بکەیت لە ڕووبەرەکانی دەوروپشتی خانووبەرەکە یان لەسەر شەقامەکان لە نزیک خانووبەرەکەوە.

2.31 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** خانووبەرەکە وەک جێی سکراپ، مێتاڵی شکاو یان جێی پاشەڕۆ فڕێدان، ئۆتۆمۆبیل ڕاگرتن یان ئەمباری تایە بەکاربهێنێ.

2.32 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** پێکهاتە بەرزبکاتەوە وەک چەرداخ، گەراج و لۆفت لە هەرجێیەکدا لەسەر خانووبەرەکە بەبێ ڕێپێدای نووسراوی کەنسڵەکە. کەنسڵەکە بڕیار بە ناشیاوی نادرێ.

2.33 **تۆ دەبێ** دڵنیا بیت کە باخچەکە ڕێکوپێکە. بۆ نموونە چیمەنەکە کراوە و پەرژینەکان براون. گەر باخچەکە زۆر زیادی کردووە – هیچ هۆکارێکی شیاویشت نیە بۆ ئەم فەرامۆشکردنە – کەنسڵەکە دەتوانێ پاکی بکاتەوە و پارەکەیت لێبستێنێتەوە.

تۆ پێویستە مۆڵەت لە کەنسڵەکە وەربگریت پێش ئەوەی هەر پەرژینێک لاببەیت.

ئێمە داواکەت ڕەتناکەینەوە، ئەگەر هۆکارێکی شیاو هەبوو بۆ داواکەت.

2.34 **تۆ** (یان هەر کەسێک کە میوانە یان لە خانووبەرەکەدا دەژی) **نابێ** بووتڵی گاز، نەوت، بەنزین یان هەر مادەیەکی مەترسیداری تر لە ماڵەوە یان لە جێ گشتیەکاندا (وەک پێپلیکانەکان، ئەسانسۆرەکان، ڕێچکەکان، کۆریدۆرەکان، جێی وشککردنەوەکان، جێی هاتووچووەکان، باخچە گشیەکان و جێی پارکی ئۆتۆمۆبیلەکان) هەڵبگری، تەنیا مەگەر مادەکە بە سەلامەتی لە هەڵگری گونجاودا پارێزرا بێ.

2.35 **تۆ دەبێ** پاشەڕۆی ناوماڵ تەنیا بخەیتە کۆنتەینەوە یان ئەو چەنکانەوە کە کەنسڵەکە دابینی کردوون یانلە زەرفی پاشەڕۆدا. **تۆ نابێ** ڕێ بدەیت کە پاشەڕۆ کۆببێتەوە لە خانووبەرەکەدا یان لە باخچەو جێ گشتیەکاندا با لە زەرفی پاشەڕۆشدا بن.

پێویستە ئەو پاشەڕۆیانەی کە بەکاردەهێنرێنەوە (ڕیسایکڵین)، لەوزبڵەدا دابنرێن کە تایبەتە بەو پاشەڕۆیانەوە.

2.36 **تۆ نابێ** دەری خانووبەرەکە بۆیە بکەیت یان هەر ڕوویەکی تەواوبووی دەرەوە، وەک ئەوەی کە نەترکراوە، بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی کەنسڵەکە.

## 2F چاککردنەوە و پەرەپێدان

2.37 تۆ دەبێ هەموو خەوشێک یان چاککردنەوەیەکی پێویست دەمودەست بە نەیبەرهۆد هاوسین ئۆفیسەکە بڵێی.

دڵنیا بە کە تۆ نامەت پێدەگات کە دەڵێ ئێمە داواکەمان چاککردنەوەکەمان بەدەست گەیشتووە. **تۆش ئەم نامەی دڵنیاکردنەوەیە هەڵبگرە نەبا بتەوێ دواتر پرس بکەیت.**

**گەر تۆ نامەت بەدەست نەگات یان دڵخۆش نیت بە چاککردنەوەکە، ئێمە پێت دەڵێین کە تۆ هەقە یان هەق نیە سکاڵا، بەپێی پرۆسیجەری سکاڵای کەنسڵەکە، بە نووسین لای بەڕێوەبەری نەیبەرهۆد هاوسین ئۆفیسەکە بکەیت.**

**کەنسڵەکە خزمەتگوزاری ناوبژیکاری بێلایەن بەکاردێنێ بۆ چارەسەرکردنی ناتەبایی لەسەر خانووبەرە لە نێوان خۆیی و کرچیەکانیدا، کە نەکرێ چارەسەربکرێ بە پرۆسیجەری سکاڵای کەنسڵەکە. کرێنشینەکان بە توندی هاندەدرێن کە ئەم خزمەتگوزاریە بەکاربهێنن، چونکە ئامانجێتی خێرا بێ، گرانبەها نەبێ و نارەسمی تر بێ.**

2.38 گەر ئەو گرفتەی کە تۆ ڕاپۆرتی دەکەیت بەرپرسیاری کەنسڵەکە بێ، ئێمە کاری چاککردنەوەی خانووبەرەکە بەئەنجام دەگەیەنین. گەر لە دەری بەرپرسیاری ئێمە بوو، ئەوا ئێمە دەرفەتت پێدەدەین کە لە کاتێکی

گونجاودا تۆ چاکی بکەینەوە. گەر خانووبەرەکە چاک نەکەیتەوە، ئێمە دەتوانین کارەکەت بۆ بکەین و پارەکەت لێ بسەنیتەوە.

2.39 **تۆ بەرپرسی** بەرانبەر چاککردنەوەی بچووک وەک پڕکردنەوەی قلیشی بچووک لە گەچکاری ناوەوەدا، ئامادەکردنی جێیەکە بۆ دیکۆرکردنەوە؛ گۆڕینی قفڵەکە کە کلیلەکەی گوم بووە؛ جێکرتنەوەی کلیلی گومبوو؛ جێگرتنەوەی فیوزی کارەبا و پلەگی کارەبا؛ گۆڕینی پلەگ و زنجیری جێی ئاو بەکارهێنان؛ و جێگرتنەوەی تەنافی جل.

**گە دڵنیا نیت بەرپرسیاریت چیە، لە نەیبەرهۆد هاوسین ئۆفیسەکەت بپرسە.**

2.40 **تۆ دەبێ** ڕێ بدەیت بە کرێکاری کەنسڵەکە یان کەسانێک کە کەنسڵەکە دەیانێرێ بۆ پشکنین یان کارکردن لە خانووبەرەکەدا. بڕوانە بڕگەی 2.7 بۆ درێژەی ئەوەی کە لە چ بارێکدا کەنسڵەکە مافی هاتنەژوورەوەی هەیە بۆ خانووبەرەکە.

2.41 **تۆ نابێ** خانووبەرەکە پەرەپێ بدەیت، بۆی زیاد بکەیت یان گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەیدا بکەیت بەبێ ڕێپێدانی کەنسڵەکە بەنووسین. بڕوانە بڕگەی 3.3 بۆ درێژەی مافی کرێنشینەکە بۆ پەرەپێدانی خانووبەرەکە. ئێمە داواکەت ڕەتناکەینەوە، ئەگەر هۆکارێکی شیاو هەبوو بۆداواکەت.

پێویستە هیچ شتێکی تازە دانەنێی کە ببێتە هۆی ناسەلامەتی یان مەترسی بۆ خەڵکی تر. بۆ نموونە دروستکردنی حەوزی قوڵ یان لابردنی هەر جۆریک لە زەوی.

بەبێ ڕێپێدانی کەنسڵەکە بەنووسین، گەر تۆ پەرە بە خانووبەرەکە بدەیت، بۆی زیاد بکەیت یان گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەیدا بکەیت. پێشەکی ئێمە داوات لێدەکەین کە خانووبەرەکە بگەڕێنیتەوە بۆ باری پێشووی یان کاری تێدا بکەیت تا دەگاتە پێوانەیەکی شیاو تا خانووبەرەکە سەلامەت دەبێ. گەر وا نەکەیت، کەنسڵەکە کارەکە دەکات و خەرجیەکەیت لێدەسەنێتەوە.

**تۆ نابێ** هیچ پەرەپێدانێک یان گۆڕانکاریەکی پێکهاتە لە جێی گشتی خانووبەرەکەدا بکەیت لەوانە (پێپلیکانەکان، ئەسانسۆرەکان، ڕێچکەکان، کۆریدۆرەکان، جێی وشککردنەوەکان، جێی هاتووچووەکان، باخچە گشیەکان و جێی پارکی ئۆتۆمۆبیلەکان).

2.42 کەنسڵەکە ناوماڵەکەت ئینشور (تەئمین) ناکات. تۆ ئامۆژگاری دەکرێی کە ئینشۆرەنسی پڕ بۆ ناوماڵەکەت دابین بکەیت تا چیت هەیە بیپایزی. **کەنسڵەکە پلانی ئینشورەنسی هەرزانی هەیە، کە دەکرێ لەسەر کرێکەتەوە بڕێکی زیاد بدەیت.** گەر دەخوازی بێیتە ئەم پلانەوە تکایە پرس بە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیسەکەت بکە.

2.43 کەنسڵەکە بەرپرسیار نابێ بۆ زەرەی موڵکوماڵت، دیکۆری ماڵەکە یان گوومکردنی موڵکوماڵ کە بە لافاو، ئاگرکەوتنەوە، بۆری شکاندن یان ڕووداوی تری لەمجۆرە، تەنیا مەگەر فەرامۆشکردنەکە لە کەنسڵەکەوە بووبێ، پێشێلکردنی گرێبەست یان شکاندنی ئەرکە قانوونیەکان بووبێ. (ئەمە جێی ئەرکەکانی کەنسڵەکە ناگرێتەوە بۆ چاککردنەوە کە لە بڕگەی 4.3دا گەڵاڵەکراوە و تۆ ڕەنگە داواکاریت هەبێ گەر ئەم ئەرکانە جێبەجێ نەکرا.)

## 2G جێهێشتنی خانووبەرەکە و کۆتایی گرێبەستەکە

2.44 **تۆ دەبێ** بە نەیبەرهۆد هاوسین ئۆفیسەکە بەنووسین ڕابگەیەنێ بەلانیکەمەوە چوار هەفتە بەر لە جێهێشتنی خانووبەرەکە. ئەم چوار هەفتە "ڕاگەیاندنە" دەبێ لە دووشەممەدا کۆتایی بێ و تۆ دەبێ کلیلەکانت بگەڕێنیتەوە بۆ نەیبەرهۆد هاوسین ئۆفیسەکە بەر لە ساتی 12ی نیوەڕۆ لە دواین دووشەممەدا. تۆ دەبێ کلیلەکانت بدەیتەوە بەر لەوەی "ڕاگەیاندنەکە" کۆتایی بێ، بەڵام تۆ دەکرێ کرێی هەموو کاتەکەت بخرێتە ئەستۆ.

2.45 **تۆ قایلیت** بەوەی کە نەیبەرهۆد هاوسین ئۆفیسەکە لە کەسێکی تر کلیلەکان وەربگرێ، گەر گونجاوتر بێ کەسێکی تر کلیلەکان لەبری تۆ بگەڕێنێتەوە.

2.46 **گەر تۆ خانووبەرەکەت جێ هێشت پاش ناردنی نامەکەت و کلیلەکانت نەگەڕاندەوە، ئەوا کەنسڵەکە خەرجی گۆڕینی قفڵەکانت لێ دەسەنێتەوە.**

2.47 **تۆ بەرپرسیار دەبێ بۆ کرێخانوو یان هەر بڕیک کە هاوتای کرێخانووەکەیە تا دواترین یەکێک لەم**

ڕێکەوتانەی خوارەوە:

- **ڕێکەوتێک کە نامەی کۆتاییهێنانی گرێبەستەکە، یان**
- **ڕێکەوتێک کە تۆ خانووبەرەکە جێ دەهێڵی، یان**
- **لە کاتێکدا کە تۆ نامەی کۆتایهاتنی گرێبەستەکەت نەنارد، ئەو ڕۆژەی کە کەنسڵەکە دەستبەسەر خانووبەرەکەدا دەگەڕێتەوە.**

2.48 **تۆ دەبێ** خانووبەرەکە، بە هەموو ئەو شتانەوە جێ بهێڵی کە ئێمە دابینمان کردووە، هەڵواسراو، قایمکراو یان ناوماڵ، لە بارێکی شیاودا. هیچ لە ماڵی خۆت یان پاشەڕۆ لەدوای خۆت جێ مەهێڵە – کەنسڵەکە هەموو کەلوپەلەکانیشت کە لە خانووبەرەکەدا جێماوە بە پێی قانوونی 1977 (دەستوەردانی کەلوپەل) فڕێ دەدات.

2.49 **تۆ دەبێ** کرێخانووەکەت بە تەواوی بدەیت بەر لەوەی بگوێزیتەوە. گەر نەتوانی هەموو کرێکەت بدەیت تۆ دەبێ دڵنیا یت کە ئەدرێسی پەیوەندیکردن جێدەهێڵی و ئامادەی کە پارەکەت بدەیت.

2.50 **تۆ نابێ** کەس لە خانووبەرەکەدا جێبهێڵی کە خۆت گواستتەوە.

2.51 تۆ نابێ هەوڵبدەیت کرێنشینیەکەت بە کەس بدەی "assignment" .

**تەنیا بۆ**
**کرێنشین دەستپێک**
**ئەمە بۆ تۆ نیە گەر بووی بە**
**کرێنشین پارێزراو**

2.52 گەر تۆ دەرکرایت؛ یان خانووبەرەکەت جێهێشت؛ یان هێشتا کرێخانوو یان خەرجیەکانی تر یان هەر پارەیەکی تر قەرزار بووی بەپێی ئەم گرێبەستە کە گواستتەوە، ئەوا ئەمە پێدەچێ کە کار لەوە بکات چەند زوو خانووبەرەیەکی تری کەنسڵت پێ بدرێ.

2.53 گەر تۆ بوویتەوە بە کرێنشین کەنسڵ و هێشتا پارەی کرێنشینی پێشوو قەرزار بوویت، تۆ ڕازیت کە ئەو قەرزانە لە کرێنشینی پێشووەوە بگوێزرێتەوە بۆ حیسابی کرێی ئێستات و تۆ چاوەنواڕ دەکرێ کە ئەم قەرزانە بدەیتەوە، لەسەر کرێکەی ئێستاتەوە. ئەمە بەسەردا دەسەپێنرێ گەر تۆ لە کرێنشینیەکەوە ڕاستەوخۆ بگوێزرێیتەوە بۆ یەکێکی تر یان یەکەم جێبهێڵی و پاش دەمێک بگەڕێیتەوە.

2.54 گەر تۆ **کرێنشین هاوبەشی،** هەریەکێک لە ئێوە دەتوانن کۆتایی بە کرێنشینی بهێنن بە ڕاگەیاندنی چوار هەفتە لەبەرەوە. ئەم ڕاگەیاندنە کۆتایی بە هەردوو/هەموو کرێنشینە هاوبەشەکان دەهێنێ. کەنسڵەکە ئەودەم سیاسەتی بەکرێدانی بەسەردەکاتەوە تا بزانێ کە کرێنشینەکە/کرێنشینەکانی تر دەتوانن بمێننەوە بەپێی گرێبەستێکی نوێ. مافی ئۆتۆماتیکی کرێنشینە هاوبەشەکانی تر نیە تا لە خانووبەرەکەدا بمێننەوە.

## 3. مافەکانی کرێنشین

### 3A بەکارهێنانی خانووبەرەکە

3.1 **تۆ مافی خۆتە** کە لە خانووبەرەکەدا لۆجەر (جۆرێکە لە کرێنشینت) هەبێ. لۆجەر کەسێکە کە لەگەڵ تۆدا دەژی بەڵام هیچ مافێکی بۆ هیچ بەشێکی خانووبەرەکە نیە، و جۆرێک خزمەتگوزاریان لە تۆوە بۆ دابین دەکرێ، وەک شیو ئامادەکردن و پاککردنەوە.

**کرێنشین دەستپێک**
**ئێوە ئەم مافەتان نیە. ئەم مافەتان کاتێک دەبێ کە بوون بە کرێنشین پارێزراو.**

3.2 **تۆ مافی خۆتە** کە بەشێک بەکرێ بدەیتەوە، بەڵام دەبێ پێشەکی کەنسڵەکە بە نووسین ڕێت پێبدات. کەنسڵەکە بڕیار بە ناشیاوی نادرێ. بەکرێدانی بەشێک ئەوە دەگەیەنێ کە کەسێک لەگەڵ تۆدا دەژی و کرێت پێدەدات لە بەرانبەر ئەوەی کە لە بەشێکی خانووبەرەکەدا دەژی. ئاسایی شیوی خۆیان ئامادە دەکەن و پاکژی خۆیان ڕادەگرن.
تۆ لە هیچ بارێکدا ناتوانی هەموو خانووبەرەکە بەکرێ بدەیت.
تۆ ئامۆژگاری دەکرێی کە بەر لە بەکرێدانی بەشێکی خانووبەرەکەت یان گرتنی لۆجەر ڕێنوومایی قانوونی وەربگریت.

**کرێنشین دەستپێک**
**ئێوە ئەم مافەتان نیە. کە بوون بە کرێنشین پارێزراو ئەم مافەتان پێدەدرێ.**

## 3B چاککردنەوە و پەرەپێدان

3.3 **تۆ مافی خۆتە** کە خانووبەرەکە پەرە پێبدەیت، وەک دانانی گەرمکەری نێوەندی (سێنترال هیتین)، دوش یان ئاگری گاز، **بەڵام** دەبێ کەنسڵ بە نووسین ڕێت پێبدات بەر لە دەستپێکی کارەکە. ئێمە ڕێت لێناگرین مەگەر هۆکارێکی زۆر باشمان بەدەستەوە بێ. (تۆ ڕەنگە پلان یان ڕێسای بیناکردنت پێویست بێ؛ دەبێ دڵنیا بیت لەوەی کە هەموو کارەکان کەسانی کارامە دەیان کات، کە دەبێ پێڕەوی گشت پلان و ڕێسایەکی گرێدار بێ.)

3.4 **تۆ بەرپرسیار دەبیت** بەرانبەر چاککردنەوە و ڕاگرتنی هەر دامەزراوەیەک، ئامێرێک یان شتێکی تر کە لە خانووبەرەکەدایە دوابەدوای پەرەپێدانی خانووبەرەکە لەلایەن خۆتەوە. بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووە، گەر کەنسڵەکە هەنگاوی نا بۆ چاککردنەوە، ڕاگرتن یان پشکنینی ئەو پەرەپێدانەی کە تۆ ئەنجامت گەیاندووە، هەموو خەرجیەکە لێ دەسەنێتەوە. بۆ نموونە، بەرپرسیاری قانوونی ئێمەین کە دەبێ لە گازی ئاگرکردنەوە و هیتەرەکان، بۆریەکان بڕواننین، خزمەتی بکەین یان ڕایبگرین کە تۆ داتناون.

**کرێنشین دەستپێک**
**ئێوە ئەم مافەتان نیە. کە بوون بە کرێنشین پارێزراو ئەم مافەتان پێدەدرێ.**

## 3C جێهێشتنی خانووبەرەکە و کۆتایهێنانی کرێنشینی

3.5 **قانوون دەڵێ** گەر تۆ مردیت، کرێنشینی خانووبەرەکەت دەچێ بۆ مێردەکەت یان ژنەکەت. دەشتوانێ بچێ بۆ ئەندامێکی خێزانەکەت (کەسێک لەگەڵ تۆدا بژی وەک مێرد یان ژن، دایکوباوک، منداڵ، نەنک و باپیر، کچەزا و کوڕەزا، برا، خوشک، مام، پوور، خوشکەزا)، گەر ئەندامانی خێزانەکە لە 12 مانگی پێشوودا لەگەڵتدا ژیابن.

3.6 ئەم برگەیە لابراوە لەبەرئەوەی برگەی 3.5 باسی ئەم خاڵەدەکات.

3.7 گەر تۆ مردیت کاتێ کە لە قۆناغی کرێنشینی **دەستپێکدای**، هەر کەسێک کە لەدوای تۆوە دەستپێ دەکات هەر لەو قۆناغەدا دەمێنێتەوە. کەسەکان دەبن بە کرێنشین پارێزراو لەو ڕۆژەدا کە لە بەرگی پێشەوەی ئەم گرێبەستەدا هاتووە. گەر تۆ مردیت کاتی کە تۆ کرێنشین پارێزراوی، ئەو کەسەش کە لەدوای تۆوە دەستپێ دەکا دەستبەجێ دەبێ بە کرێنشین **پارێزراو**.

3.8 گەر تۆ دەستت بەسەر کرێنشینیدا گرتووە دوای مردنی کرێنشین پێشوو، تۆ بۆت نیە کرێنشینی بۆ کەسێکی تر جێبهێڵی دوای مردنی **خۆت**. ئێمە ڕەنگە ڕازی بین کە کرێنشینیان بۆ **نوێ** بکەینەوە بەپێی سیاسەتی بەکرێدانمان و ڕێیان بدەین لە خانووبەرەکەدا بمێننەوە، بەڵام ئۆتۆماتیکی مافی مانەوەیان نیە.

3.9 گەر کرێنشینی بچێ بۆ ئەندامێکی خێزانەکەت و خانووەکە لە پێداویستی ئەوان گەورەتر بوو ئەوا ئەمە دەبێتە زەمینەیەکی دەستبەسەراگرتن. ئێمە خانووبەرەیەکی ئەڵتەرنەتیڤی گونجاویان دەدەینێ. گەر ڕازی نەبن ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە داوا لە دادگا بکەین بۆ دەستبەسەراگرتنی خانووەکە.

3.10 **قانوون دەڵێ کە کرێنشین پارێزراوی تایبەت مافی کڕینەوەی خانووەکەی هەیە،** گەر کرێنشینی کەنسڵەکە یان هەر خاوەنماڵێکی گشتی بووبن (وەک کۆمەڵەی خانووبەرەکان) یان لە خانووبەرەی هێزە چەکدارەکاندا ژیابن،بۆماوەی شیاوبوون.
ماوەی شیاوبوون، پەیوەستە بەو ڕێکەوتەی کە کرێنشینیەکە دەستپێکردووە (پێویست ناکا بە بەردەوامی ژیابن) لەگەڵ ئەوەی کە یاسا دیاری کردووە.
هەندێک بار هەن کە مافی کڕین نادەن، وەک ئەوەی گەر خانووبەرەکە بۆ پەککەوتە یان کەمئەندام گونجێنرابێ.

**کرێنشین دەستپێک**
**ئێوە ئەم مافەتان نیە. کە بوون بە کرێنشین پارێزراو ئەم مافەتان پێدەدرێ.**

3.11 تۆ مافی خۆتە کرێنشینی بۆ یەکێکی تر جێ بهێڵی (ناسراوە بە بەخشین Assignment). چەند مەرجێک بەسەر ئەم مافەدا دەسەپێن. تۆ بەگشتی دەتوانی خانووبەرەکەت بە کەسێک بەم ڕێیە ببەخشی کە مافی جێگرتنەوەی قانوونی هەبێ دوای مردنت (سەرکەوتوو). تکایە لە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیسەکەت بپرسە بۆ زانیاری پتر.

**کرێنشین دەستپێک**
**ئێوە ئەم مافەتان نیە. کە بوون بە کرێنشین پارێزراو ئەم مافەتان پێدەدرێ.**

## 3D گواستنەوە بۆ خانووبەرەیەکی تری کەنسڵەکە

3.11 **گەر تۆ** داوا دەکەیت بگوێزرێیتەوە بۆ خانووبەرەیەکی تری کەنسڵەکە، دەبێ فۆڕمی داواکاری پڕبکەیتەوە. گەر خانووبەرەت بدرێتی یان نا پشت بە زۆر هۆکار دەبەستێ. لەوانەش پێداویستی کتوپڕ بۆ خانووبەرە و جۆری خانووبەرەی دەستەبەر.

3.12 **گەر تۆ** داوا دەکەیت بگوێزرێیتەوە بۆ خانووبەرەیەکی تری کەنسڵەکە، دەبێ فۆڕمی داواکاری پڕبکەیتەوە و گوێڕایەڵی بەرنامەی بەکرێدانی کەنسڵەکە بیت. گەر خانووبەرەت پێبدرێ یان نەدرێ، پشت بە زۆر هۆکار دەبەستێ. لەوانەش پێداویستی کتوپڕ بۆ خانووبەرە و جۆری خانووبەرەی دەستەبەر.

ئەگەر کرێنشینیەکەت لە خانووە تازەکە دەستپێکرد بەرلەوەی کرێنشینی خانووە کۆنەکەت تەواو بێت، ئەوا تۆ بەرپرسیت لە ڕادەستکردنی کرێی هەردوو خانووەکە، تا ماوەی کرێنشینی خانووەکە تەواو دەبێ.

3.13 **تۆ مافی خۆتە** کە خانووەکەت بگۆڕیتەوە (ناسراوە بە گۆڕینەوە "exchange") لەگەڵ کرێنشینەکی تری کەنسڵەکەدا، کۆمەڵەی خانووبەرە یان کەنسڵێکی ناوچەیەکی تردا، بەڵام پێویستە پێشەکی کەنسڵەکە بە نووسین ڕێت پێبدات و ڕەزامەندی هەر خاوەنماڵێکی تر کە بەشدارە وەربگیرێ.

کەنسڵەکە ناتوانی گۆڕینەوە ڕەفز بکات یان مەرجی بەسەردا بسەپێنێ تەنیا لە چەند بارێکی تایبەتدا نەبێ. زانیاری لە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیسەکە وەربگرە.

**گەر بەبێ ڕێپێدانی نووسراوی ئێمە خانووەکەت بگۆڕیتەوە ئێمە هەڵوێستی قانوونی وەردەگرین بۆ دەرکردنت. تۆ ناتوانی بگەڕێیتەوە بۆ بۆ خانووبەرەکەی پێشووت و خانووبەرەی ئەلتەرنەتیڤیشت نادرێتێ.**

## 3E بەشداری کرێنشینەکان

3.15 تۆ مافت هەیە کە دەست بە گرووپی کرێنشین بکەیت یان ببیتە ئەندامیان. داوا لە نەیبەرهود هاوسین ئۆفس بکە دەربارەی گرووپەکانی ناوچەکەی خۆت یان چۆن گرووپێک دادەمەزرێنتیت.

# 4. بەرپرسیاری کەنسڵەکە

## 4A بەرپرسیاری کۆمەڵگاکە

4.1 **هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە ژیان بگوزەرێنێ بەو ڕێیەی کە خۆی دەیخوازێ بەمەرجێک کەسانێک کە لە نزیکیانەوە دەژین نەشێوێن. دراوسێی خاس کەسێکە کە ڕێ بە ژیانی جودای کەسانی تر دەدا و تێی دەگات. هەڵدەکەوێ کە کەنسڵەکە کرێنشینەک دەربکات لەبەر ڕەفتاری دژە-کۆمەڵایەتی. گەر تۆ لەبەر ڕەفتاری دژە-کۆمەڵایەتی دەرکراوی یان هەڵوێستی تر بەرانبەرت وەرگیراوە، ئەمە ڕەنگە کار لە نیشتەجێکردنەوەت لەلایەن کەنسڵەکەوە بکات. تکایە سەیری سیاسەتی بەکرێدانمان ( Lettings Policy) بکە بۆ زانیاری زێتر.**

4.2 ئێمە یارمەتی و ڕێنوومایی تۆ و هەریەکێک لەگەڵتدا دەژێ دەکەین بۆ ئەوەی بزانن کە چۆن ڕەفتاری دژە-کۆمەڵایەتی ڕاپۆرت بکەن.

## 4B چاککردنەوە و پەرەپێدان

4.3 **ئێمە** ئەم بەشانە لە خانووبەرەکە چاکدەکەینەوە و ڕادەگرین:

- پێکهاتە و ناوەوەی خانووبەرەکە (بە ئاوەڕۆ، پلوسکە، بۆریەکانی ناوەوە و دیکۆری ناوەوە)
- دامەزراوەی سەرچاوەی ئاو، گاز و کارەبا و پاککردنەوەی (بە سینک، دەستشۆر، بات و تەوالێت بەڵام نەک دامەزراوەکانی تر و ئامێرەکان بۆ ئاو، گاز یان کارەبا.)
- دامەزروەی گەرمکردنی خانووبەرەکە و گەرمکردنی ئاو.

4.4 **ئێمە** دەری خانووبەرەکە بەردەوام بۆیە دەکەین. ئێمە بەرپرس نین بۆ دیکۆرکردنی ناو خانووبەرەکە.

4.5 **ئێمە** خانووبەرەکەت بە کاتێکی شیاو چاکدەکەینەوە. ئێمە نامەی داواکاری چاککردنەوەت دەدەینێ یان بۆت دەنێرین (مەگەر ناکاو بێ). تۆ باشە ئەم نامەیە بهێڵیتەوە لەلای خۆت نەبا دواتر پرسێکت هەبێ.

4.6 ئێمە دوای چاککردنەوە، خانووبەرەکە پاکدەکەینەوە. لە هەندێک باردا ڕەنگە گرانتی دیکۆرکردن دەستەبەر بێ تا یارمەتی دیکۆرکردنەوە بدات. داوا لە نەیبەرهود هاوسین ئۆفیسەر بکە بۆ زانیاری پتر.

4.7 ئێمە داوا لە دادوەریک دەکەین گەر بمانەوێ دەستبەسەر خانووبەرەکەدا بگرین بۆئەوەی کاری تێدا بکرێ. ئەمە لە کاتێکدا کە تۆ یان کەسێک کە لە خانووبەرەکەدا دەژی بووەتە هۆی ئەوەی خانووبەرەکە بشێوێنێ یان کە بمانەوێ کاری سەرەکی یان پەرەپێدان یان خانووبەرەکە بڕووخێنین. لە هەندێک باردا کە کارکردن بەردەوامە، تۆ ڕەنگە خانووبەرەیەکی هەمیشەیی ئەڵتەرنەتیڤت پێ بشێ.

4.8 **گەر تۆ بە گواستنەوەی کاتی ڕازی بیت، ئەوا ئێمە مافمانە کە دەستبەسەر خانووبەرە کاتیەکەتدا بگرین، کە کار لەسەر خانووبەرەکەی خۆت تەواو بوو.**

## 4C بەشداریکردنی کرێنشینەکان

4.9 **ئێمە** لە هەموو پلانێکی خانووبەرەی کەنسڵەکەدا گەر کاریگەری بنەڕەتیان لەسەرت هەبێ، باری سەرنجت وەردەگرین. بۆ نموونە، ئێمە پرست پێ دەکەین دەربارەی نوێکردنەوە و چاککردنەوەدا کە بۆ خانووبەرەکە پلانکراون لە ناوچەکەی تۆدا. ئێمە تۆ و گرووپی کرێنشینەکانت لە بابەتەکانی ناوچەکەدا بەشدار دەکەین.

4.10 **ئێمە** هەموو ساڵێک ڕاپۆرتی تایبەتی خانووبەرەی دەردەکەین کە وەسفی کارمان و چۆنێتی نواندنمان دەکات؛ پێت ڕادەگەیەنێ کە چۆن خزمەتگوزاریەکانمان پارەیان دەدرێ و پارەکەی تۆ چۆن خەرج دەکرێ.

4.11 **ئێمە** خورت کار لەگەڵ سکاڵاکانتدا دەکەین. گەر خواستت سکاڵا بکەیت پەیوەندی بە نەیبەرهود هاوسین ئۆفسەوە بکە.

4.12 ئێمە پێویست ناکات دەربارەی زیادکردن و کەمکردنی کرێخانووەکە یان هەر کرێیەکی تر پرست پێ بکەین. بەڵام بە نامە پێت ڕادەگەیەنین بەلانیکەمەوە چوار هەفتە بەر لەوەی کرێکە یان خەرجیەکە بگۆڕدرێ.

4.13 **ئێمە بۆچوونت دەربارەی هەموو گۆڕانکاریەک لەم گرێبەستەدا وەردەگرین و بە نامە پێت ڕادەگەیەنرێت گەر ئەم گۆڕانانە بەرجەستە کران.**

## 5. گەیاندنی نامەی قانوونی

5.1 بەپێی برگەی 48(1) قانوونی خاوەنماڵ و کرێنشین 1987 کەنسڵی شارەکە پێت ڕادەگەیەنێ کە ئەدرەسی خزمەتگوزاریەکان ئەمەیە:
Director of Neighbourhoods and Housing Services, 5th Floor West, Merrion House, Merrion Centre, Leeds LS2 8BB

5.2 بەپێی برگەی 169 قانوونی خانووبەرە، هەر ڕاگەیاندنێکی پێویست بۆ کرێنشینەکە یان دانیشتوانەکە قانوونی دەبێ گەر لەو ئەدرێسە دانرا کە لە بەرگی پێشەوەی ئەم گرێبەستە هاتووە یان پۆست کرا بۆ ئەو ئەدرەسە و بە پۆست نەگەڕایەوە.

**بە ڕاگرتنی ئەم گرێبەستە، تۆ و کەنسڵەکە یارمەتی دامەزراندنی دراوسێتی خاستر و کۆمەڵگەیەکی دروستتر دەدەن.**